ئێران: کراوەین بە ڕێککەوتنی ئێتمی، ئەگەر ئەمریکا تاوتوێی لابردنی سزاکان بکات

مەجید تەختەروانچی، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران رایگەیاند، ئێران ئامادەیە بیر لە ئیمتیازەکان بکاتەوە بە گەیشتن بە ڕێککەوتنی ئێتمی لەگەڵ ئەمریکا، ئەگەر ئەمریکییەکان ئامادەیی خۆیان نیشان بدەن بە گفتوگۆکردن لەسەر هەڵگرتنی سزاکان.

مەجید تەختەروانچی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی بی بی سی، لەبارەی دامنوستانەکان لەگەڵ ئەمریکا، ڕایگەیاند، تەپەکە لە یاریگای ئەمریکادایە بە ئەوەی بیسلمەنەت کە دەیەوێت بگاتە ڕێککەوتن، "ئەگەر ئەوان جددی بن، دەنیام لەسەر ڕێگای ڕێککەوتن دەبین".

ئاماژەی بەوەشکرد، تاران پێشنیاری کەمکردنەوەی پیتاندنی یۆرانیەمی بە ڕێژەی 60% کردوە وەک بەڵگەیەک لەسەر ئامادەیی خۆی بە ئیمتیازات و وتی، "ئێمە ئامادەین تاوتوێی ئەو بابەتە و پرسەکانی دیکەی پەیوەست بە بەرنامەکەمان بکەین ئەگەر ئامادەبن باسی سزاکان بکەن"، بەڵام جەختی لەوە کردەوە کە "پیتاندنی سفر لەسەر مەز نەماوە، لانیکەم لە لایەن ئێرانەوە ".

مەجید تەختەروانچی وتیشی، "کاتێک لەلایەن ئیسرائیلی و ئەمریکییەکانەوە هەڕشکرایە سەرمان،

موشەکەکانمان فریای ئێمە کەوتن، کەواتە چۆن قبوڵ بکەین خەمان بەبەش بکەین لە توانا بەرگریی‌یەکانمان؟".

جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران ئەوەشی، "دەبیستین کە ئێوان ئارەزوی دانوستان دەکەن، بە ئاشکرا لە گفتوگۆ تایبەتەکاندا لە ڕێگەی عومانەوە وتویانە کە دەیانەوێت ئێم کەشانە بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکەن".
مەجید تەختەروانچی هەشداریدا لەوەی "جەنگێکی دیکە بە هەموان بە ئازار و خراپ دەبێت، هەموان زیانیان پێدەگات، بەتایبەتی ئێوانەی دەستپێشخەری دەستدرێژیی‌یەکە دەکەن، ئێگەر هەست بکەین هەڕەشەیەکی وجودی هەیە، ئێوا بەو پێیە وەڵامی دەدەینەوە".

ئەوەشی خستەڕو، "تەنانەت بیرکردنەوە لە سیناریۆیەکی مەترسیداریش ژیرانە نییە، چونکە هەمو ناوچەکە دەچێتە ناو ئاژاوەگێڕییەوە".

مەجید تەختەروانچی هیوای سەرکەوتنی دەربڕی "لە ڕێگەی دیپلۆماسییەوە، هەرچەندە ناتوانین 100% دڵنیابین"، ئاماژەی بەوکردك ئێران "دەبێت بە وریاییەوە بمێنێتەوە بە ئێوەی لەناو هەرشنەکرێتەسەری".